35 ڕۆژ بەسەر ڕفاندنی ڕۆژنامەنووس و هەواڵساز سلێمان مەحەممەد ئەحمەد تێدەپەڕێت

35 ڕۆژ بەسەر ڕفاندنی ڕۆژنامەنووس و هەواڵساز سلێمان مەحەممەد ئەحمەد تێدەپەڕێت.

لە ڕۆژی دووشەممە (23ـی تشرینی یەکەمی 2023)، ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد لە دەروازەی (سێمەلکا - فیشخابوور) کاتێک لە سەردانێکی خێزانی دەگەڕایەوە سلێمانی بۆ شوێنی کارەکەی ڕفێندرا.

ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری ئاژانسی ڕۆژنیوز سلێمان مەحەممەد ئەحمەد لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمدا سەردانی خێزانەکەی کرد لە شاری حەلەب لە سوریا، دوای مردنی باوکی مەحەممەد ئەحمەد لە تەمەنی 66 ساڵیدا.

لەلایەن خۆیەوە، ئاژانسی ناوبراو لەسەر دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "ئەم مامەڵەیەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان ئیدانە دەکەین و داواکارین دەستبەجێ چارەنووسی سلێمان مەحەممەد ئەحمەد، ڕۆژنامەنووس و هەواڵسازی بەشی عەرەبی ئاژانسەکەمان ئاشکرا بکرێت و ئازاد بکرێت، لە ئێستادا سەلامەتی گیانی ئەو ڕۆژنامەنووسە لە ئەستۆی پارتیدایە".

شایەنی باسە، ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد خەڵکی شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان، بەهۆی داگیرکردنی

شارەکە لە ساڵی 2018 لەلایەن تورکیاوە، بە ناچاری لەگەڵ خێزانەکەی چوونە پارێزگای حەلەب و لە ڕۆژی 23ـی تشرینی یەکەمی 2023 لە دەروازەی (سێمێلکا - فیشخابوور) کاتێک لە سەردانێکی خێزانی دەگەڕایەوە سلێمانی بۆ شوێنی کارەکەی ڕفێندرا.

هەردوو ڕێکخراوەی CPJ و RSF کە پەیوەندییان بە مافەکانی ڕۆژنامەنووسانەوە هەیە لەسەر ئاستی جیهانی، داوایان ئازادکردنی دەستبەجێی ڕۆژنامەنوس سلێمان ئەحمەد کرد و ڕەخنەیان لە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان گرت بەهۆی پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانیان لەسەر پاراستنی ڕۆژنامەنووسان و ئازادی ڕادەربڕین.